# خنكاو بە وەهمی خۆشەویستی ..
# خنكاو بە عەزابی نووسین

**گۆران صديق**
Goransdiq_m@yahoo.com

**چەند دلۆپە حەسرەتێكی پڕ لە تەنهایی ...**

**پێشكەشە..**

**– بەو ڕۆژگارە بێوەفایانەی بەشی تەنها سلاوێكیان تیا نەهێشتومەتەوە**

**– بە (ئەو) كە بێباك ڕۆیشتو لە ژێر تاڤگەی ئەم كەئابە ڕەشەدا وێنەیەكی نەگرتم ..**

"عومرێكی درێژە , لەسەر پێستی نەخۆش و ووشك بووی ئەم زەوییەدا دەژیم !
ڕۆژگارەكانم بە وەهمی خۆشەویستی و عەزابی نووسین دۆڕاند !
لە ئێستاشدا ,ئەوەی كە ماوە ..,
ئەسرینێكە ... لە پەنجەكانمەوە دەچۆڕێ !
نەفرەتێك , هەمیشە لە پشتمەوە بانگم دەكات :
تۆ ..., كە بەشێكت لە قوڕو لیتەو گژوگیای ئەم سەردەمە ئالاوەو
بەشەكەی تریشت
لەوسەری جەنگەكانەوە ..,بە نابینایی دێتەوە !
ئیدی .. چۆن دەتوانی وەك پێویست بژی ؟
چۆن دەتوانی ؟
لەم پەنجەرە تەمومژاوییانەوە ,
تەماشای ژیان بكەیت و
تەنهایی لە بیر خۆت بەریتەوە ؟ "

*** *** ***

بێوەفاترین كەنار ,
خەمساردتر لە تاریكی
ڕوخسەتت بۆ لێنەخواستم ؟
دڵڕەقانە
هاتیت و

سات بەساتی کاتەکانمت
فڕێدایە
ناو نوقاوترین مشتی بێهودەییەوە ,
داپۆشراو بە گوناه ,
بکوژی ئەستێران ,
بۆ پرست پێ نەکردم ؟
دەستە سپڵەکانت
خستە ناو کاسەی سەرمەوەو
خاڵیت خاڵیتکردمەوە لە ئارامی .
خوێناویترین ڕاوچی
دروستکەری برین
لەسەر جەستەی ئەم چیرۆکە پڕ لە غەدرە ,
ئەی تابوت ساز
کە دەستت لە خنکاندنی
ئەو پەپولانەدا هەبوو ,
عومرێکە بەسەر شانی منەوە نوستبوون ..
سامناکترین دەریا ..
کە پڕ بوویت لە خنکاندنی من..
هەرلەسەرەتاوە دەمزانی
لە بنی بنەوەی
هەناسە قورسەکانتا
دڵنیاییت بە زەبەلاحترین بەردەوە بەستۆتەوە ..
ئەی بێبەزەییترین ئاسمان
هاندەری ئەو بروسکە شێتانەی
ئەسپە پیرو شەلەکانیان
لە کۆڵانە تاریکەکانی ژیاندا دەترساندو
ئەو عاشقە نابیناو بێدەلیلانەیان بەجێدەهێشت
کە هەر یەکەو
بەتاکێ دەسکێشی پڕ لە نەزیفی گوڵاڵە سوورەو
بەتاکێ پێڵاوی پڕ لە خۆڵەوە
ڕایان دەکردو
هاواریان دەکرد :
چ چاو ساغێك لەم زوڵمەتە دەمانپەڕێنێتەوە ؟!
ئەی ڕەشترین خەیاڵ
تۆ بەتەنها بۆنی نەفرەتی
ئەو خۆشەویستییەت پێ بەخشیم
کە بێڕەحمانە
سێبەری خوێن لەبەر ڕۆیشتووی منی
بەناو دڕك و تەپوتۆزی سەر مەرزەکاندا

ڕاکێشایە بەردەم تۆخترین وەهم و
ئیدی بووم بە نزیکترین دۆستی فاڵچییەکان
*** *** ***
هەمیشە ..,
بەدوای کوشتنمەوەی
ئەی ژەهراویترین و بێباکترین خەنجەر
لە خوێنی دوێنیٚ و ئەمڕۆی مندا
هەمیشە ...
لەناو هەناسەکانمدایت..
زبرترین تاعون
هەمیشە
بۆن بەسەر ئەو دڕکە گوناهبارانەوە دەکەیت
کە لەپاش ڕاکێشانم
بەشێك لە ڕەنگ و لە خوێنی منیان داگیر کردووە
ئەی تارژەنی ئازاربەخشی من, ئەی دۆستی نادیارم
بۆ لەمەودوا
دەبێت هەموو تەمەنی خۆت
بۆ سڕینەوەی پەنجەکانت تەرخان بکەیت
ئەوپەنجە پیلانکێڕانەی
تا ئەبەد خوێنی منیان پێوە دەمینێت
منێك
کە دەمێك بوو
لە هاتنی ئەم ڕۆژە دەترسام !
دەمێك بوو
لە دڵەوە دەگریام
لە دڵەوە دەسووتام
دەسووتام و
لەو ئاسمانانەم دەڕوانی
کە لەناو سنگی شەقار شەقاربوویاندا
هەورە نەزۆکەکان
ببوونە کێوی ئاسنین و
باڵندەکانیان
بەخوێنەوە پیا هەڵواسرابوو ..
دەمێك بوو
لە هاتنی ئەم وەرزە دەترسام
دەمێك بوو
لە دڵەوە دەسووتام
لە دڵەوە دەگریام
دەگریام و

نەمزانی
چۆن لەسەر پشتی
ئەو ڕەشەبا قەموورانە خۆم بینییەوە !؟
کە منیان بۆ لای تۆ هێنا
نەمزانی
خەونی بەردەم ئاوێنەکان
وام لێدەکەن
تێکرای دەرگاو پەنجەرەکانم
بەکۆڵ
بەرمە ناو کێڵگەکان و
تا ڕۆژ بێتەوە
بەدیار سووتانیانەوە
دابنیشم و بگریم ,
بگریم
بۆ ئەو دەرگایانەی
چەندەها ڕۆژ
لە چاوەڕوانی " تۆ " دا
بە دیاریانەوە دانیشتم و
پیر بووم ,
بگریم
بۆ ئەو پەنجەرانەی
دەمویست
ڕۆژێك بێو بیانخەمە سەر پشت و
دوابەیەکی ئینجانەکانم
بۆ پڕ بکەیت لە دڵنیایی
نەمزانی .. نا .. نەمزانی
چۆن لە تریفەی مانگ هەڵهاتم !؟
ئیتر نەمتوانی
خوێنی ئەو ئەستێرانە ببینم
کەبەسەر ڕوخساری شەوەوە
دەبریسکانەوە ..
نەمزانی.. نا .. من نەمزانی
بۆ لە تۆو ئەو شاژنە قەموورە بوورام
کە بوونە ڕاوچی و
بچکۆلەترین فریشتەی منتان کردە نێچیر
تێکڕای
شەقام و کۆڵان و
ژوورو ئاوێنەکانتان
بەخوێن سواغداو

گوڵدانی سەر مێزەکانتان
بە کەللەسەری ئەو منداڵانە ڕازاندەوە
کە لەتاو هەڕەشە ناشەرعییەکانی ژیان
دارشەقیان
بەسەر ئەو ئەستێرانەدا دابەش دەکرد
کە بە بوختانی زەوی
قاچ و دەستیان بڕابۆوە

*** *** ***

سەیرکە ..
ئەی دڵی تاگرتووم ,
سەیرکە..
ئەی دڵی بەناهەق دیل وکوژراووم
لەم باغی پڕ لە کوفرەدا
سەیرکە ..
ئەی دڵی فەرامۆشکراووم ,ئەی دڵی خەنکاووم
لە ژێر سێبەری ئەم درەختە ڕەش هەڵگەراوانەدا
کە بۆنی سووتانیان لێدێ
سەیرکە..
هیچ دەستێك نییە , هیچ خودایەك نییە
هیچ فریشتەیەك و هیچ شەیتانێك نییە
کەمێك ئارامیت بداتێ
ئەی دڵی فریودراووم , ئەی دڵی تەنهاو بێزارم ..
سەیرکە ..
بەر لە هاتنی ئەو
من و تۆ
بەیانیان ئینجانەکانمان
لەمسەری کۆڵان تا ئەوسەری تا ئەوسەری کۆڵان ڕیز دەکردو
پڕمان دەکردن لە ڕوناکی بۆ کۆترەکان
ئێوارانیش
کە خۆر ئاوا دەبوو
هەرمن و تۆ
ئەو ئینجانانەمان
لەناو سێبەرەکەی خۆماندا دەشاردەوە
پێکەوە .. دەنووستین
پێکەوە .. خەوونمان دەبینی
خەون بە هاتنی موسافیرێکی ڕۆژهەڵاتییەوە
تا بێتو
بە دەستە سرێکی تەڕو بۆندار

**تۆزی تەنهاییمان لەسەر بسڕێ**

*** *** ***

**بەڵام ئەفسوس**
**کە ئەو هات**
**بە ژێر تاڤگەی حەسرەت و**
**لەگەڵ پەتایەکی ناوەختا هات**
**لەگەڵ کوشندەترین رەشەبادا بوو..**
**لە یادمە ..**
**یەکەمین بینینی ئەووم لە یادە**
**لە بەیانی " 9 " ی مارس دا بوو**
**من ئەو کات**
**" مانگ " م دەناسی**
**شەوی بۆ پڕ دەکردم**
**لە مەستبوون و تریفەی گۆرانی**
**" باران " م دەناسی**
**جوانی لە پەنجەکانییەوە دەتکا**
**" با " م دەناسی**
**بۆنی خەیاڵێکی دووری**
**لە هەناسەیدا هەڵدەگرت و بۆیدەهێنام**
**من ئەو کات**
**" خۆر " م دەناسی**
**باخچەکان بە سڵاوی ئەو خەبەریان دەبۆوە**
**بەبانگکردنی ئەو**
**باڵندەکان بەهاریان دەناسییەوە**
**بەڵام .. هەیهات .. هەیهات**
**من کاتێك " تۆم " ناسی**
**بەشی سڵاوێك ژیانت تیا نەهێشتمەوە**
**بەشی ئەوەت پێوەنەهێشتم**
**کە بتوانم ..**
**دەست لە بێژانەوەی**
**ئەو ووردە شووشانە هەڵگرم**
**کە لە جەنگی بێمەودای**
**نێوان ئاوایێنەکاندا جێمابوون**
**بەشی ئەوە غیرەتم تیا نەما**
**کە بتوانم .. ڕاکەم**
**ڕاکەم ..**
**بەسەر ئەو کێڵگە ئاوسانەدا**

**که چێنرابوون بەبرین**

**ڕاکەم ..**

**بەسەر پەیکەری شکاوو بێنازی ئەو عاشقانەدا**

**که یەك لەدوای یەك**

**دەکران بە ژێر تاریکییەوە .**

**بۆیە.. لە کەفی سوور هەڵگەڕاوی ئەم خەونەدا**

**وەك پێکراوێك .. وەك برینداریێکی بێزارو ماندوو**

**لەسەر کورسییەکی تەختە**

**پاڵ ئەدەم بەم مردنە جوانەوە**

**وەك هەمیشە چاوەڕێ دەبم**

**پێڵوم لێکدەنێم**

**بیرلەوە دەکەمەوە**

**لە ئیوارەیەکی درەنگدا**

**بچمەوە کەنار دەریاو**

**سەرلەنوێ**

**ڕەنگەکانم بشۆم**

**بەدیار ئەو ئەلبومە خوساوەوە**

**تێر .. تێر بگریم**

**که پڕبوون لە وێنەی خنکاوی من**

**وێنەیەکم ... خنکاو بە فڕین**

**وێنەیەکم ... خنکاو بە یادەوەری**

**وێنەیەکم ... خنکاو بە تەنهایی**

**وێنەیەکم ... خنکاو بە غەدرو بێوەفایی**

**وێنەیەکم ... خنکاو بە بێهودەیی ژیان**

**وێنەیەکم ... خنکاو بە وەهمی خۆشەویستی**

**وێنەیەکم ... خنکاو بە عەزابی نووسین**

**وێنەیەکم .....**

**وێـــ**

**نـــە**

**یـــە**

**کـــم**

**و...**

**سلێمانی**

2006